# 8ی مارس ڕۆژی وەستانەوەیە دژی یاساو ڕێسا دژە ژنەکان

8ی مارس، ڕۆژی جیهانی ژنان، ڕۆژی خەبات بۆ یەکسانی هەمەلایەنەی ژنان‌و پیاوان، ڕۆژی وەستانەوە بەدژی فەرهەنگ‌و داب‌ونەریتی دواکەوتوانەی پیاوسالاری، ڕۆژی وەلاخستن‌و تورِدانی سەرجەم یاسا و ڕێسا نائینسانی‌و دژە ژنەکان، لەسەرجەم ژنان‌و پیاوانی یەکسانیخوازو ئینسایەت پیرۆزبێت.

کوردستان لەهەل‌ومەرجێکدا یادی 8ی مارس ئەکاتەوە بەرز ڕایدەگرێ، کە تەواوی عێراق بەرەو نائارامی زیاترو قوڵبونەوەی سیناریۆی ڕەش‌و پەرەگرتنی کردەوە تیرۆریستیەکان ئەڕوات، شەڕی تائفی‌و ڕەشەکوژی ئینسانەکان‌و کردەوە تیرۆریستیەکان‌و تەقینەوەکان لە شوێنی ژیان‌و کاری خەڵك ڕووی لەزیاد بونە، وە خودی حکومەتی دروستکراو و سەپێندراوی ئەمریکا نەك هەر ناتوانێ هۆکاری باشکردنی وەزع بێت‌و گەڕانەوەی ئارامی بێت، بەڵکو بەکردەوە سەلماندویەتی کە قابیلی مانەوەو بەسەرپێوە وەستانی نەماوەو هەرلەحزە لەبەردەم هەڵوەشانەیەدایە. ئەمە ئەگەر ژیانی سەرجەم دانیشتوانی وڵات بێت، ئەی ئەبێت بەچ شێوازێك‌و کام زمان بتوانی تەعبیر لەواقیەتی تاڵ‌و دژواری ژنانی ئەم وڵاتە بکرێت، سەرباری ئەم فەزا نائارامیەش، هاوکات فڕاندن‌و ئیغتساب‌و کوشتاری ژنان بەدەست ملیلیشیا چەکدارەکانەوە کراوەتە بەشێکی دانەبڕاو لە ژیان‌و گوزەرانی ئەم کۆمەڵگایە. ئەمە وێڕای سەپاندنی نائینسانیترین‌و ڕەشترین یاساو دەستوری ئیسلامی کە ژنانی هەربەپلەدوو هێشتوەتەوە، وە هیچ ئاسۆیەکیش نیە بۆ دەربازبوون لەم هەل‌ومەرجە.

هەرچەندە بزوتنەوەی یەکسانیخوازی ژنان‌و پیاوان لە کوردستانیش لەڕاسای داکۆکی لەمافەکانی ژنان‌و وەستانەوە بەدژی کۆنەپەرستی‌و پیاوسالاری، هەنگاوی باشی ناوەو توانیویەتی مافەکانی ژنان‌و خودی مەسەلەی ژن بکاتە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی، بەڵام دووبارە لێرەش ژنان لەگەڵ دەریایەك کێشەو گرفتی جۆراو جۆر بەرەوڕوون، خۆسوتاندنی ژنان‌و خۆکوشتنی ژنان، کوشتاری ژنان بەبیانوی ناموس‌و شەرەف، مانەوەی یاساکانی ئەحواڵی شەخسی کە پاشماوەی یاساکانی بەعسە لەکوردستان، باوەشێنکردنی فەرهەنگی دازیوو ژەنگ گرتووی پیاوسالاری لەلایەن ڕەوت‌و بزوتنەوە کۆنەپەرستەکانەوە.... ژیانی ژنان و مانەوەی فیزیکیانی لەبەردەم بەڵایەکی گەورە ڕاگرتوە، گوزەرانیانی تاڵ کردوەو بەمەش سەرجەم کۆمەڵگا لەبەردەم داکەوتویی‌و تاریکیدا ڕائەگرێت. وە دوریش نیە کە بەڵای نائارامی‌و کوشتاری ناوەڕاست‌و باشوری وڵات بگوێزرێتەوە بیۆ کوردستان‌و کوردستانیش ببێتە هاوشێوەی شارەکانی تری عێراق.

بۆیە بزوتنەوەی یەکسانیخوازی ژنان‌و پیاوان لەمارسی 2007دا وێڕای ئەوەی کە ئەبێت خەباتیان لەگەڵ خواستی جەماوەری خەڵکی کوردستان جووت بکەن بۆ خواستی جیابونەوەی کوردستان‌و پێکهێنانی دەوڵەتێکی سکۆلارو ناقەومی لەکوردستان، هاوکات لەبزوتنەوەیەکی فراتترو بەرینتردا خۆیان ڕێك بخەن بۆ وەستانەوە بەرامبەر بە سەرجەم یاساو ڕێسا دژە ژنەکان‌و فەرهەنگی پیاوسالاری‌و جێگیر کردنی یاسایەکی پێشڕەو ئینسانی کە سەرجەم مافەکانی ژنان بسەلمێنێت‌و یەکسانی هەمەلایەنەی ژنان‌و پیاوان زامن بکات.

بژی 8ی مارس

بژی یەکسانی نێوان ژنان‌و پیاوان

**ڕێکخراوی کوردستانی**
**حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق**

2007/3/4